بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرەی هەرێم وادەی مامەڵە و وەرگرتنی تێچووی حەجی درێژکردەوە



وادەی مامەڵە و وەرگرتنی تێچووی حەج درێژکرایەوە و بەڕێوەبەرایەتیی حەج و عومرە دەڵێت، هەر کەس لە وادەی دیاریکراودا سەردانیان نەکات بەبڵش دەبێت.

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی حەج و عومرە لە راگەیەندراوەکدا ئاگاداری سەرجەم ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ناویان بە پرۆسەی حەجی ئەمساڵ 2024 دەرچووە، وادەی تەواوکردنی مامەڵەکان و وەرگرتنی تێچووی حەج تا رۆژی پێنجشەممە 22ی شوبات درێژدەکرێتەوە.

دەشڵێت، لە دوای ئەو رێکەوتەوە بەهیچ شێوەیەک وادەی تەواوکردنی مامەڵەکان و وەرگرتنی تێچووی حەج درێژناکرێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕوونیشیدەکاتەوە، هەر کەسێک لە ماوەی دیاریکراودا سەردانی نووسینگەکانی حەج و عومرەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتییان نەکات بە تەواوکردنی مامەڵەکانی و پێدانی تێچووی حەج، ناوی یەدەگ لە شوێنی دادنرێت و مافی بەشداریکردنی لە پرۆسەی

حاج نامنت.